Saladin University – Erbil
College of Education
Special Education Deportment
Fourth  Class  - Diversity

زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
كۆلیژی پەروەردە
بەشی پەروەردەی تایبەت
قۆناغی چوارەم / (فرەیی ـ التنوع) Diversity

1

# Diversity

## (فرەیی ـ التنوع)

پ.ی.د. مهدی عباس
بەشی پەروەردەی تایبەت

سالّی خوێندنی (٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣)

# Diversity

**(فرەیی - التنوع)**

## میژووی پەروەردەی فرەیی لە ئەمریکا و ئەوروپا

ئەمریکا خۆی لەسەر بنچینەی فرە ڕەگەزی دروست بووە , لە سەرەتاوە کە ئەوروپییەکان بۆی چوون خۆ یان خەڵکی ئەوێ نەبوون, تێکەڵ بە خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەوێ بوون, لە سەرەتای سەدەی(١٥) سپی پێستەکان بەتەواوی ئەمریکایان کۆنترۆڵ کرد, بۆ نموونە ئەو جینۆسایدەی دژی ( هیندییە سورەکان) ئەمریکی ڕەسەن, کردیان, بە یەکێ لە قێزەوەنترین کارەکانی مرۆڤ دادەنرێت , لەبەر ئەوەی ئەوان پێیان وا بوو لە مرۆڤی ئاسایی کەمترن و تاوای لێ هات ٪٩٠ یان لەناوبران.

لە سەرەتای سەدەی شانزە لێشاوێکی خەڵکی ئەفریقیا ( ڕەش پێست) هێنران بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی وەکو کۆیلە ئیش و کاری قورسیان پێ کرێت, کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرا, بە هیچ شێوەیەک مامەڵەی مرۆڤیان لەگەڵ نەدەکرا

لە ١٩٥٤-١٩٦٨ لەسەر دەستی ( جۆن کیندی) ڕاسیزم لە ئەمریکا زۆر پاشەکشەی کرد,بۆ نموونە لەساڵی ١٩٦٥ بە هەوڵەکانی مارتن لۆسەر کینگ مافی زیاتر بە ڕەشپێستەکان درا وەک مافی دەنگدان , خوێندن. چوونە زانکۆ...... لە ساڵی ٢٠٠٨ باراک ئۆبامای ڕەش پێست بوو بە سەرۆکی ئەمریکا

ئەمڕۆ ئەمریکا بە یەکێك لە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان دادەنرێت زۆر کەس پێیانوایە ئەمریکا هێزی خۆی لە فرەییەکەی وەرگرتووە,

## پێناسەی پەروەردەی فرەیی Diversity Education

پەروەردەی فرەیی : ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر جیاوازییەکان لە ڕەفتار و ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ کە لێکتریان جودا دەکاتەوە. لەڕابردوودا نەتوانراوە سوود لە جیاوازییەکان وەربگیرێت، بەڵام لە کاتی ئێستادا جیاوازییەکان بۆتە هۆی پێکەوە ژیان و هێز و توانا وبەرەو پێشچوون لە کار و کۆمەڵگەدا.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پەروەردەی فرەیی

١- دەرکەوتنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

٢- کرانەوەی کۆمپانیاکان بە ڕووی وڵاتاندا

٣- پێشبڕکێی دامەزراوە و کۆمپانیاکان لەوەبەرهێناندا.

٤- ململانێی کۆمپانیا بەرهەم هێنەکان.

## بۆچی گرنگە ئەم جەمکە بخوێنرێت ؟

- مرۆڤەکان لێکتر جودان.
- مرۆڤ ناتوانێت بەتەنها دروست بژێت.
- مرۆڤایەتی پێویستی بەیەکترییە.
- پێکهاتەی دانیشتوان گۆڕاوە.
- کرانەوەی کلتوری بەرووی جیهاندا.
- گەشەکردنی کەرتی تایبەت و کاری ئازاد.

**نووسەری ئوستڕالی (بەربارا پراشین) لەکتێبەکەی** بەناوی (The power of diversity)

.دەڵێت:   **هێزمان لە فرەییدایە، لەبەیەکەوە بوون و پێکەوە بووندایە**

نووسەر باس لەو **بنەمایانە دەکات کە ئەم چەمکەی لەسەر بەندە:**

١- تێگەیشتن (لەخۆمان ، لە بەرامبەر)

٢- جیاوازین ( کەس لە من ناچێت ، کەس لەتۆ ناچێت)

٣- پێکەوە بوون ( من و تۆ و ئەوان)

٤- شێوازی مامەڵەمان لەگەڵ یەکتردا.

پەروەردەی فرەیی (دایڤێرستی)لە بارەیی چییەوە دەدوێت ؟

- لەبارەی مرۆڤ و جیاوازییەکانییەوە.
- دەربارەی تێڕوانینی ژیان.
- لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
- هونەرەکانی مامەڵەکردن.
- سەبارەت بە ئاین و پێکهاتە مەزهەبییەکانیان.
- لەسەر دەستەو گرووپەکان لەشوێنی کار.
- وەلانانی دووبەرەکیی و ئاشتەوایی گشتی.
- پێکەوە ژیانی هەمەلایەنە.

## کاریگەرییەکانی ئەم چەمکە لەسەر تاك و کۆمەڵ

- ئینتیما: توانەوەو دروستبون.
- شوناس: بەهای هاولاّتی بوون بەسەر هاوزمانیی و  هاوئاینی و هاوڕەنگیی..تاد.
- فره کلتوری.
- گۆڕینی تێگەیشتنی مامۆستا.
- بەرنامەو پرۆگرامی نیشتمانی بۆ خوێندن.
- گۆڕینی دیدگای کۆمپانیان.
- ڕەخنە لە عەقلّییەتی دەسەلاّتی تاکڕەویی.
- تانە لەتێڕوانینی توندڕەویی ئاینی.
- ڕەوتی ڕامیاری نێو دەوڵەتی.

## جێندەر و رەگەز

جیاوازی چییە لە نێوان جێندەر و رەگەز

**رەگەز:** جیاوازی بایۆلوژی لەهەر یەك لە کرۆمۆسۆم و ریێژەی هۆرمۆن و ئۆرگانە رەگەزیە ناوەکی و دەرەکییەکانی مرۆڤە.

**جێندەر:** واتە ڕۆڵی (نێر) و (مێ)، لەکایەکانی ژیاندا. یاخود ئەو پێناس و ناسنامەیەی کە کلتوری هەر کۆمەڵگەیەك دەیدات بە هەریەك لەو دوانە. بەواتایەکی تر، هەموو ئەو ئەرك و کارانەی کە لەو ڕەگەزە چاوەڕواندەکرێت.